# ڕووبەڕووبوونەوەی
# مەرگ و ژیان
# لە بەرهەمەکانی
# خوان ڕۆلفۆدا



باران

خوان ڕۆڵفۆ ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی مەکسیکی، یەکێکە لە ناسراوترین و بەناوبانگترین نووسەرەکانی ئەمریکای لاتین. ناوبانگی ڕۆڵفۆ بۆ دوو کتێبی بە قەبارە بچووک دەگەڕێتەوە ، ئەوانیش هەریەکە لە (پێدەشتی سوتاو) و (پیدرۆ پارامۆ) یە.

مارکیز دەربارەی بەرهەمەکانی ڕۆڵفۆ دەڵێت» نوسینەکانی کە ناگات بە سێ سەت پەڕە، بەڵام بارستایی و بەهایەکی نەمر و جاویدانی هەیە هاوشێوەی بەرهەمەکانی (سۆفۆکلیس)». جیهانی چیرۆکەکانی ڕۆڵفۆ، جیهانی تراژیدیی و نەفرەت و توندوتیژیی و سەرگەردانییە. چیرۆکەکانی (پێدەشتی سوتاو) بەزۆری لە زمانی کەسایەتی نەرێنی وەك ( مرۆڤە گێلەکان، ڕێگرەکان و زیناکەرەکان)ەوە دەگێڕرێنەوە. ڕۆڵفۆ بە سوود وەرگرتن لە ڕستەی کورت و ئاوڕدانەوە لە ڕەفتار و کەسایەتییەکان و دوورکەوتنەوە لە داوەری کارەکتەرەکان لە بری پەسنکردن و وەسفکردنیان، ڕێگەدەدات بۆئەوەی خودی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی ڕەفتار و کردەوەکانیانەوە بە خوێنەر بناسرێن.

ئۆکتاڤیۆ پاز دەربارەی ڕۆڵفۆ وتوویەتی» تەنها ڕۆماننووسی مەکسیکییە، کە لەبری شرۆڤەکاری و شیکاری، وێنەیەك لە ئاقاری فیزیکی بە ئێمە دەدات». تایبەتمەندی دیاری چیرۆکەکانی ڕۆڵفۆ بریتییە لە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان باوك و کوڕ («پێیان بڵێ نەمکوژن» پاسۆ دڵ نورتە)، ڕووداوگێڕانەوەی ئاوەژوویی لەگەڵ ناپیرۆزی و دوورکەوتنەوە لە بەپیرۆزیدانان («ئانا کلتۆ مۆرۆنس» پێدەشتی سوتاو) و فلاش باك بۆ توندوتیژیەکان («ماکاریۆ» شەوێك کە بەتەنها جێیانهێشت(.

ڕۆڵفۆ وێنەیەکی نەمر و لەبیرنەکراو لە مەرگ و تاوان پیشاندەدات. ئەو بە وێناکردنی کچێك کە ناچار بە لەشفرۆشی کراوە، هاوسەرێك کە لە کەشتێکی ئاینیدا دەمرێت، برایەکەك کە دەستدەداتە کاری نایاسایی و مرۆڤگەلێك کە هەژاریی چۆکی پێداداون، باس لە ئامادەگی مەرگ و تاوان و نادادپەروەریی و نایەکسانی دەکات. ئەو بە زمانێکی پڕ لە توندوتیژی بە دیالۆگ گەلێك کە هاوشێوەی مۆنۆلۆگە، وێنەیەکی تاڵی سەرزەوییەکی بێهیوا پیشاندەدات. لە کەرەستە



**ئۆکتاڤیۆ پاز دەربارەی ڕۆڵفۆ وتوویەتی» تەنها ڕۆماننووسی مەکسیکییە، کە لەبری شرۆڤەکاری و شیکاری، وێنەیەك لە ئاقاری فیزیکی بە ئێمە دەدات». تایبەتمەندی دیاری چیرۆکەکانی ڕۆڵفۆ بریتییە لە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان باوك و کوڕ**



خوان ڕۆڵفۆ

سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی ڕۆڵفۆ دەتوانین ئاماژە بۆ کەرەستە لۆکاڵییەکانی وەك ( گاشەبەرد، کەندڕ، گۆلاو) و کەرەستەی تاڵ و ڕەشی وەك ( هەورە ڕەش و تاریکەکان و گەرمای لەناوبەر و ڕووباری قوڕاویی، لاولاوی جاڵجاڵۆکە ئاسا، ئاسمانی تەماوی) و وێنا تەنز ئامێزەکانی وەك ( مەنجەڵ غیرەتی جوڵا، وەکو باتری بۆلینك لەسەر ڕووی زەوی تەختبوون، ئاوکێشکردنی پیاوێك) هەندێجاریش وێنای شاعیرانە ( لە دوورەوە کێوەکان هێشتا لە سێبەردان، کاتێك ژیان لە نێو دەستەکانی شەودا دەخلیسکێت و ماندوێتی لەشی بەدگومان وسست و لاواز دەکات، ...) سود وەرگرتن لە تەکنیکی گێرانەوە کە ڕوانگەی زۆربەی چیرۆکەکانە

لەوانە ( بۆ دەربڕینی دەروونی کەسی، ئەوەندە ڕووت و ڕەجاڵین) بکەین. لە چیرۆکی (پیاو)دا لە گۆشەی دیدی کەسی سێیەمەوە ڕووبەڕووی زیهنی پیاوی هەڵهاتوو و مەنەلۆژی شوان دەبینەوە.

ئەم دوو دیدگایە ئاوێتەی دیالۆگە چاودێریکراوەکانی پیاوەکە بووە، ئەم وەرچەرخانی گۆشەی بینینە، هاوتا لەگەڵ گۆڕینی ئاواز لە تاکبێژی لایەنی بەرامبەری شوانەکە ئەنجامدراوە، تاوەکو لە چەند دەنگێك نزیکمانبکاتەوە، بۆئەوەی واقعیەتەکان بەشێوازی و دیدگای جیاوازتریشەوە ببینین و بزانین ئەو کەسەی بکوژی خێزانی (ئۆکیدی)یە و دیاریکراوە، تاوەکو پیاوە سمێڵدارەکە بکوژێت و دەستدەداتە تاوان، بۆخۆی پیاوێکی کۆڵەوارە و یەك پەنجەیان بڕیوە و لە دووری منداڵەکەیدا فرمێسك دەڕێژێت و کەسێکە کە لە کاتی تاوانی کوشتندا، داوای لێبوردن لە کوژراوەکان دەکات. پیشاندانی کەسایەتی پیاوەکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، هەروەك (تۆدۆرۆف) دەڵێت ئێمە دەگەیەنێت بە گێڕانەوەیەکی فرەدەنگی « گێڕانەوەی فرەدەنگی: دەقێك کە تیایدا چەندین دەنگی جیاواز، یەك ڕووداوی دیاریکراو پیشاندەدات» تاوەکو لە ڕێگەی ئەم ڕێکارەوە تەنها مانەوەی پیاوێك پیشانبدات، کە کەسێتی تاکیی ئەو تەنها بەرهەمهێنەرەوەی کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی.

ڕۆڵفۆ لە خستنەڕووی ئەم فرەدەنگییەدا سود لە وێنەی تاڵ و هاودەنگ لەگەڵ لایەنی دەروونی کەسایەتی وەردەگرێت، بێدەنگی پیاو، پیاوێك کە تەنانەت نازانێت قسەدەکات یان نا، خۆی دەداتەدەم ڕووبارێکی قوڕاوییەوەو هیچ دەنگێکی لێوەنایەت. ساردی و پەشێواوی پیاو تێکەڵ بە ئاسمانی سارد و تەماویی دەبێت. ڕۆڵفۆ لە پیشاندانی ڕووبەڕوویی مەرگ و ژیاندا سوود لە تەنزی تاڵ وەردەگرێت، بۆئەوەی ماندوێتی و برسێتی و سەرگەردانی پیاوەکە پیشانبدات» پێیەکانی ئەوی ( بەرخ) چەسپاند و دەستیکرد بە مژینی گوانەکان.... ناچاربووم ڕۆن بماڵم لە گوانەکانی بۆئەوەی لە قەپەکانی فلانی پیس و چڵکن نەبێت»

هاینریش بۆڵ لەو باوەڕەدایە کە» نووسەر نابێت بە چاوی گریاناوییەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، ئەو تەنها مافی ئەوەی هەیە بە چاوێکی نیوە تەڕەوە هەستەکانی خۆی دەرببڕێت». ئەو کارەی کە ڕۆڵفۆ دەیکات پیشاندانی ناخۆشی و نالەبارییەکانە بە زمانێکی شانۆیی و لەسەرخۆ و هەندێجار تێکەڵ بە توندوتیژیی. لە چیرۆکی ( سەرەنجام بووین بە خاوەنی زەوی: پێدەشتی سوتاو) ڕووبەڕووی گێڕەرەوەیەکی کۆ (ئێمە) دەبینەوە، کە چارەنووسی هەمووان دەردەبڕیت و بە چیرۆکە ئاخر زەمانییەکان ناوبانگیان دەرکردووە. لەم جۆرە چیرۆکانەدا کە ئاوڕ لە هەژاریی و باڵادەستی بەدبەختی بەسەر کۆمەڵگە و لەناوچوونی شارستانیەت و هەڵوەشانەوە بەها مرۆڤایەتیەکان دەداتەوە، دەتوانین دەقێکی سیاسیان لێهەڵێنجین، دەقێك کە زەینی خوێنەر داگیردەکات و چەندین جۆری پرسیار لەسەر (بوون) دەهێنێتەکایەوە. دەوترێت ڕۆڵفۆ لە نوسینەکانیدا زۆر گرنگی بە بابەتی سیاسی نادات، بەڵام وا دەردەکەوێت یادگاری ڕۆژانی منداڵی و کوژرانی باوکی لەلایەن خراپەکارانەوە و داگیرکردنی زەوییەکانی بەزۆر بێ کاریگەرنەبوونە لە نووسینی ئەم جۆرە لە دەقی سیاسی. ( چیرۆکەکانی شەوێك کە بەتەنها جێیانهێشت، وەك ئەوەی وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕووداوانەبێت لە ژیانیدا)، لێرەدایە کە (باختین)یش دەڵێت» ئایدۆلۆژیا وەکو زمان شاراوەیە و هەر نووسەرێك ئایدۆلۆژیای خۆی دەردەبڕێت»، بە بڕوای نوسەری ئەم وتارە ڕۆڵفۆ لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا جا بە ویستی خۆی بێت یان نا، ئاوڕی لە بابەتی سیاسی داوەتەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (پێدەشتی سووتاو) ئێمە لە زمانی کەسانێکەوە کە خۆیان بە شۆڕشگێر دادەنێن و پارە و چەکیان لە لایەن دەوڵەمەندەکانەوە بۆ دابیندەکرێت دەبیستین، کە بە کەڵکی هیچ کارێك نایەن، جگە لە دزی و تالانی و ئاگرتێبەردانی دەشتەکان و ئازاردانی خەڵکی لە یاری ( شەڕەگا) دا و کۆتاجار تەقاندنەوەی شەمەندەفەر. ڕۆڵفۆ لەم چیرۆکەدا بە پیشاندانی کار و کردەوەکانی ئەم کەسانە ئایدۆلۆژیای خۆی دەردەبڕێت، بەهەمانشێوە کە لە چیرۆکی ( سەرەنجام بووین بە خاوەنی زەوی) ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بە نادادپەروەری و نایەکسانی دەردەبڕێت و هەندێجار ئەم ناڕەزایەتییە لە قاڵبی تەنزدا لە بەپیرۆزدانەنانی پیرۆزییەکاندا

بەکاردەهێنێت. (ئانا کلتۆ مۆرۆنۆس) باس لە مرۆڤگەلێك دەکات، کە نوقمی ئایدۆلۆژیای باڵادەستبوون و کوشتنەکە دەخەنەئەستۆی خۆیان ( لە سپێدەدەم: تپە کومادرس) ( دەڵێن من ئەوم کوشتووە) (تێگەیشتم کە وا بیردەکاتەوە من براکەیم کوشتووە) و لەو کاتەدایە دەستدەداتە کوشتنی ئەو. کارێکە وەك ئەوەی ناچارە ئەنجامبدرێت و جگە لەوە هیچ چارەیەکی تری نییە. لە چیرۆکی ( ئەوەندە ڕووت و ڕەجاڵین) شکستی مرۆڤ لە بەرامبەر سروشت و چارەنووس بە باشی پیشاندەدرێت. (جەیمز میللەر) دەڵێت» هەماهەنگی هەر زەینێك دەبێت بە زاتی ئەو زەینە بپارێزرێت». لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە منداڵەکە بە زمان، زەین و ئاوازێکی هەماهەنگ لەگەڵ خۆی چارەنووسی خوشکەکەی دەگێڕێتەوە، چارەنووسێك کە دەرچوون لێی مەحاڵە. خوشکێك کە چارەنووسی بەستراوەتەوە بە بوون یان نەبونی (گا)یەکەوە. ئەم نیشانانە هەمووی دەرخەری نیگەرانی و هەراسانی زەینی نوسەرە تاوەکو لەو ڕێگایەوە وێنایەك لە خەڵکی کۆمەڵگاکەی خۆی پیشانبدات. هاوشێوەی تابلۆکانی کە هەمیشە وێنەی بینای وێرانکراو و خاپورکراو پیشاندەدات، لەگەڵ دیواری بە گوللەی تۆپ وێرانکراو، ئەمەش بۆخۆی نیشانەیەکە بۆ ئەدەبیاتی لاتین کە تاڕادەیەك هەمیشە ئەدەبیاتێکی شۆڕشگێڕانە بووە و نوسەرگەلێکی تێدایە کە تاڕادەیەك پەیمانیان لەگەڵ بژاردەی ئامانجی ئازادیخوازییدا بەستووە.



خوان رۆلفۆ

**سەرچاوە:**

-فرحناز علیزاده، تقابل مرگ/ زندگی (شخصیت فردی، باز تولید فرهنگ جامعەاست)، شبکە انترنتی افتاب، سال ١٣٨٧.





مارکیز